# شار و حیکایەتی مۆدێرنیتی

نیهاد جامی

بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان حیکایەت و شار تێبگەین, پێویستمان بەو زەمینە کلتورییە کە بەرهەمهێنەری حیکایەتە, ڕەخنەگرتن لە کلتوری حیکایەت یەکێکە لەو پرۆسە نا ئامادەیانەی نێو گوتاری ڕوناکبیریمان, بۆیە پێویستە ئەوە بەهەند وەربگرین کە ئێمە خاوەن دیدگایەکی ڕەخنەیی نین تاوەکو پرسیار لە حیکایەت بکەین, پرسیار لەو هۆکارەی لەپشت حیکایەت ئامادەییێکی سەیری هەیە, چونکە بوونی ئەو دیدە ڕەخنەییە نەك تەنیا دەبێتە هۆیەك بۆ ڕەخنەگرتن لە حیکایەت, بەڵکو وەك پرۆسەیەکی ڕەخنەیی هەڵدەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری دەق, کاتێك سێنتەری حیکایەت هەڵوەشێنرایەوە, مانای هەڵوەشاندنەوەی زەمەنی پاڵەوان نیە, بەڵکو جیاکردنەوەی پاڵەوانی نێو حیکایەتە لەکارەکتەرێکی ئەفسانەیی, ئەفسانە بەهەموو ئەو پەیوەندییو ڕووداو ڕەفتارانەی کە حیکایەت پێی دەبەخشێت, پێویستە پرسیار لەو بێدەنگیە بکەین, لەو ئاگاییەی نێو حیکایەت کە بۆچی حیکایەت ئامادەییەکی بێ وێنەی دەبێت لەناو ئاستی گێڕانەوەی ئێمەدا..؟ ئەو هەستە چیە وامان لێ دەکات هەموو تواناو هێزی ڕەوانبێژی خۆمان بۆ حیکایەت بخەینە کار..؟ ئایا حیکایەت گێڕانەوەیەکە بۆ شێواندنی سیما ڕاستەقینەکان, یاخود هەوڵێکە بۆ ئارایشتکردنی سیماکان..؟

ئەگەر جیاوازیەك هەبێت لەنێوان ئاستی زەمەنی حیکایەت, ئەوا ئێمە لەواقیعی کوردیدا خاوەنی دوو جۆر حیکایەتین, دوو حیکایەتی بارگاوی کراو بە دەلالەتی ئەخلاقی, ئەوانیش(حیکایەتی شاخ)و(حیکایەتی شار), بە مانایەکی تر دەتوانین وا ناوی بەرین, کە حیکایەتی بەر لە مۆدێرنیتیو حیکایەتی مۆدێرنیتیمان هەیە.
لە یەکەمیان شاخ دەبێت بە سێنتەری حیکایەت, چونکە وێنەی مەردایەتیو سیفاتی پاڵەوان لەخۆی کۆدەکاتەوە, هەموو حیکایەتەکان لە شاخدان, بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەرێکی نێو ئەو حیکایەتە, دەبێت بچێتە شاخ, چونکە لەشاردا حیکایەت دەست ناکەوێت, بەڵکو بۆ ئەوەی شوناسی پاڵەوان وە دەست بێنیت, دەبێت لەشاخدا بوونت هەبێت, شاربوون توانای یەك وەزیفە بەخشینی هەیە, ئەویش وەزیفەی بێدەسەڵاتەکانە, وەزیفەی حیکایەتخوانێکی بێدەسەڵات, حیکایەتخوانێك کە لە گێڕانەوەدا حیکایەتی شاخمان بۆ بگێڕێتەوە, لێرەوە شاخ لەوە دەردەچێت بەتەنیا شوێنێك بێت بۆ بەگژ داچوونەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لەدژی دەوڵەت, بەڵکو شاخ بارگاوی دەکرێت بە ئەفسانە, پاڵەوانە لەوێدا تەنیا پێشمەرگەیەکی ئازا نیە, بەڵکو پێشمەرگەیەکە لەناو گێڕانەوەکاندا وزەیەکی ئەدەبی گەورەی بۆ تەرخان دەکرێت, گێڕانەوەکان لە ئاستی پێشمەرگەیەکی شاخەوە دەیبەنە ئاستی پاڵەوانێکی ئەفسانەیی.

کاتێ ئەو پاڵەوانە دێتە ناو شار, بەواتای کۆی فانتازیاکانی گێڕانەوە شاخ تەلاق دەدات, ئەوە حیکایەت نیە دەمرێت, بەڵکو حیکایەت چیدیی پێویستی بەوە نیە شاخ بکاتە سیمبول وبونیادێکی نێو ئەو سێنتەرە, چونکە پاڵەوانی حیکایەت ئەو شۆڕە سوارەی لەشەوی تاریك وباو بۆڕاندا دەچێتە سەر لانەی دێو, پاڵەوانێکە ئیدیی هێرش دەکاتە سەر شار ودێوەکە دەردەکات, بەدوای ئەوەی پاڵەوان دێتە ناو ژیانمانەوە, هەموو حیکایەتەکانی پاڵەوان دەبنە چیرۆکی ئەرشیفکراو, چیدی ئەو بارگاوی ناکرێت بە ئەفسانەو وەك سیمبول تەماشا ناکرێت, ئەوە کەم کردنەوە نیە لە ڕۆڵی پاڵەوان, بەڵکو ئەو کارەکتەرە بەپێی ئەخلاقی شار سەیر دەکرێت, شاخ ئەخلاقی خۆی هەیە, بەر لەوەی بۆ پرسیارە سەرەکیەکەمان بگەڕێینەوە, ئەوەی بە پێویست بزانرێت جارێ قسەکردنە لەسەر جۆری حیکایەتی دووەم(حیکایەتی شار)

وتمان شار وەك شاخ خاوەنی ئەخلاقی تایبەت بە خۆیەتی, شار پاڵەوان نە وەك شۆڕە سوار سەیر دەکات, وە نە وەك خاوەنی هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەیبینێت, مەبەستمان لەو دوو هێزە"حزب وبنەماڵەو عەشیرەتە"
شار نەپێویستی بە پاڵپشتی حزبە بۆ کارەکتەری حیکایەتو نە پێویستی بە عەشیرەتو خێڵە, بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەوە, شار چەمکی فەرد دەهێنێتە بوون, ئەو چەمکە تایبەتە بە ئەخلاقیەتی شار, ئەخلاقێك دواجار لەبەر ئەوەی نەیتوانیووە دەسبەرداری عەقڵیەتی حیکایەت بێت, ئەوا حیکایەت بەرهەم دەهێنێتەوە, بەڵام حیکایەتی شار, حیکایەتێکە نۆرمی جیاواز گێڕانەوە بەڕێوە دەبات, ئەو نۆرمە جیاوازە کار ناکاتە سەر ئەو وزە ئەدەبیو فانتازیە, چونکە فانتازیای گێڕانەوە لە حیکایەتی شاخیش هەر بەرهەمی شار بوو, حیکایەت گێڕەرەوەکان شاری بوون, شارە خوڵقێنەری حیکایەتی شاخ, بۆیە شار ئەمجارەش سنورێکی بێ مەودا بە حیکایەت دەبەخشێت, بەڵام حیکایەتی شار چییە..؟ لەکوێ دەست پێدەکات و بەرەو چ ئاراستەیەك دەڕوات؟ ئایا ئەو گوتارە حیکایەتێکی سیاسی بەڕێوەی دەبات؟ یان ئیدیی پێویستی بەو گوتارە نییەو شار بۆ حیکایەت پشت بەگوتاری کۆمەڵایەتی دەبەستێت..؟ یان تەنانەت حیکایەتی سیاسیش هەرلەناو سۆسیۆلۆژیاوە درووست دەکات..؟

کاتێك لە شار دەدوێین دەبێت بەر لەهەرشتێك بنەمایەکی جەوهەری لەبیر نەکەین, کە ئێمە لەبەرهەمێکی مۆدێرنیتی دەدوێین, باواز لەوەش بێنین کە ئێمە بە پێی ئەو چەمکە خاوەنی شار نین, بەڵام خۆ هەڵگری هەندێ خاسیەتو دامەزراوەی مۆدێرنیتین, ئەوە سەرەڕای تێکەڵبوونی ئەو خاسیەتانە لەگەڵ وەهمەکانی مۆدێرنیتیو ئەو بانگەشە ئایدیۆلۆژیەی کە مژدەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنیتیمان بەگوێدا دەچرپێنێت, بۆیە سەرەڕای هەموو ئەو بانگەشە کاریانە, حیکایەتی شار.. حیکایەتی مۆدێرنیتیە, حیکایەتێکە لەناو ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نوێییەی شار درووست دەبێت, حیکایەتێك گێرەرەوەکانی مۆدێرنیتی چی ووزەی ڕەوانبێژی

ئەدەبی خۆیان هەیە دەیخەنە کار, دامەزراوەکان دەبنەوە بە کەناڵێك کە حیکایەت لێی بەهرەمەند دەبێت, ئیدیی حیکایەت لەسەر زاری پیاوێکی پیر باس لە قارەمانێتی پاڵەوانێکی شاخ ناکات, نا بە پێچەوانەوە, ئەمجارە قارەمانی حیکایەت شۆڕشگێڕێك نیە لە شەوێکدا لەتۆڵەی منداڵێکی بێتاوانی نەتەوە, ئاگر بەربداتە ناو ڕەبیەیەکی چەند خۆ فرۆشێك, بەڵکو پاڵەوان ئەمجارە مەرج نیە تاکە وەزیفەیەکی دەست نیشانکراوی هەبێت, دەکرێت هەریەك لە (خوێندکار, فەرمانبەر, پزیشك, پارێزەر, ڕۆژنامەنووس) ببن بە پاڵەوانی حیکایەت, چونکە حیکایەتی مۆدێرنیتی.. حیکایەتی دەروونێکی نەخۆشە, دەروونی شکست خواردووی خۆی دەگۆڕێت بە حیکایەت, پەیوەندیی هاوڕێیەتی کچو کوڕێکی فەرمانبەر پەیوەندیەکە گێڕەرەوە بەپێی ئەوەی خۆی ئارەزوو دەکات, حیکایەت دەگێڕێتەوە, سەردانی تۆ بۆ شوێنێك کە هاوڕێکەتی تێدا ببینیت, ئەو دەرفەتەی هاوڕێکەت بەتۆی دەبەخشێتو لەدەوروبەر خۆی دوورگرتووە, ئەو خۆ بەدوور گرتنە بەجۆرێك لە کەسێتی هاوڕێکەت سەیر ناکرێت, بەڵکو پەیوەندیی هاوڕێکەت بە تۆ دەکرێت بە بابەتی حیکایەت.

حیکایەت گێڕەرەوەکان لەبەردەم زۆبایەکی داردا حیکایەتەکەیان ناگێڕنەوە, ئەوان حیکایەتخوانی مۆدێرنیتین, هەوڵ دەدەن لە ڕێگای بەرهەمەکانی مۆدێرنیتیەوە حیکایەت بگێرنەوە, هەربۆیە گێڕانەوە هەموو توانا فانتازیەکانی قسەکردن لە ڕێگەی مۆبایل و ئیمێڵ بەکار دەهێنێت.
ئەگەر حیکایەت گێڕەرەوە پێویستی بە خۆ ئامادەکردنێکی دەروونی هەبێت بۆ گێڕانەوە, کاتێك گوێگر سەیری ڕووخسارو هەستەکانی دەکات, بەلأم لەناو بەرهەمەکانی مۆدێرنیتیدا ئێمە گێڕەرەوە نابینین, تەنیا دەنگی دەبیستین, یان لەسەر شاشەی کۆمپیوتەر تەنیا نامە ئەلیکترۆنیەکەی دەخوێنینەوە, ئەوەش دەمانگەیەنێتە سەر وەلأمی پرسیاری دەسپێکی ئەو نووسینە.

حیکایەت لەنواندنی کەسێکەوە دەپەڕێتەوە بۆ ئاماژەیەکی دەنگ, یاخود نامەیەکی ڕەوانبێژیی, کەلە ڕێگای ڕەوانبێژی نووسین پێمان دەگات, لێرەوە بڕواکردن بە حیکایەت پەیوەندیی بە فانتازیای گێڕانەوە هەیە, کە تا چەند گێڕەرەوە دەتوانێت شێوازی گەمەکردن لە ڕەوانبێژی زمان بگرێتەبەر.
ئەو حیکایەتە پەیوەندیی بە شکستو ئیفلیجی پەیوەندیی خێزانەوە هەیە, کە گێڕەرەوە لەناویدا گەورە بووە, خێزان کاتێك هەموو ئارەزووەکانی سەرکوت دەکات و نایەڵێت هەست بکات ئەو خاوەن کەسێتیەکی سەربەخۆی خۆیەتیو پەیوەندیی بە دەرەوەی ماڵ هەبێت, گرێی حیکایەت لەناویدا گەورە دەبێت, گرێیەك چەندە دەیەوێت سیماکانی دەوروبەر بشێوێنێت, هێندەش زۆر جار خۆی دەکات بە پاڵەوانێکی نێو حیکایەت, حیکایەتێك تەنیا لەناو خەیاڵی ئەودا بوونی هەیە, وەك چۆن کاتێ پەیوەندیی دوو هاوڕێ بە حیکایەتێکی فانتازی بەرز دەکاتەوە, لە ڕاستیدا ئەوە بەرهەمی عەقڵی ناتەواوی ئەوە وێنای ئەو پەیوەندیە دەکات, کاتێك بشمانەوێت کۆتایی بە حیکایەت بێت,. بێدەنگبوون توانای ئەوەی نیە گرفتو ئاسۆکانی حیکایەت بخاتە ڕوو, بەڵکو تەنیا دیدێکی ڕەخنەیی دەتوانێت وەك تاکە میکانیزم گومان لە ڕاستی حیکایەتەکان بکات, گومانکردنیش لە حیکایەت, گومانکردنە لە حیکایەتەکانی مۆدێرنیتی, بۆیە ئەو دۆخەی لە ئێستادا تێیدا دەژین دۆخی مەرگی حیکایەتەکانە, نەك تەنها حیکایەتی ناشیرین کردنی ئەویتر, بەڵکو دۆخی مەرگی حیکایەتە گەورەکانیشە, بۆیە لەدوا دێری ئەو کورتە ووتارەدا دەپرسین, کاتێك لە بەردەمی مەرگی حیکایەتەگەورەکاندا بژییین, ئایا حیکایەتەکانی مرۆڤ شایەنی گوێ لێگرتنە؟